# تەقینەوەکانی شۆریجەو تازەی کەرکوك و چوارشەمەی بەغدا

ئومێد مەحمود

چەند ڕۆژێك دوای ئاهەنگێڕانی سوپاو پۆلیسی عێراق بە بۆنەی کشانەوەی هێزەکانی سوپای ئەمرکیا لەناو شارەکانی عێراقدا، کە هەرچەندە ڕووداوێکی دڵخۆشکەر بوو، چونکە هاوڵاتیانی شارەکانی عێراق یادەوەری زۆر تاڵیان لەگەڵ ئەو سوپایەدا هەبوو، چەند ئەوەندەیش جێگای نیگەرانی و مەترسیی بوو، چ لەلای چاودێرانی سیاسی و شرۆڤەکارانی ڕەوشی ئەمنی و چ لەلایەن هاوڵاتیانێك کە بەوردی چاودێری بارودۆخی سیاسی و ئەمنی وڵاتەکەیان دەکەن، نیگەرانیی و مەترسیی هاوڵاتیانیش لە بێتمانەیی بە تواناو لێهاتوییەکانی سوپاو پۆلیسی عێراقەوە سەرچاوەی گرتبوو، وێڕای ئەوەی کە تائێستا عێراق نەیتوانیوە سوپایەکی پیشەیی(مهنی) دوور لە هەستی ناوچەگەری و مەزهەبی و تایفەگەریی و حیزبی دروست بکات، بەڵکو سوپاو هێزی چەکدار ئەوەندەی وەلائیان بۆ تایفەو عەشیرەت و مەزهەب و چی و چی هەیە، ئەوەندە وەلائیان بۆ نیشتمان و گەل نیە، ڕووداوەکانی پارساڵی (مدینە الصدر و بەسرە) باشترین بەڵگەن، جگە لەوەی پاشماوەکانی بەعس توانیویانە ناسکترین پێگە ئەمنیەکان ناخبڕ بکەن و تائێستاش لەو دەزگایانەدا خاوەن بڕیارو دەسەڵاتدارن بەتایبەتی لەهەردوو دەزگای موخابەرات و ئیستیخباراتدا.

پێش کارەساتەکە خوێناویەکەی چوارشەممەی پایتەخت، چەندین کارەساتی دڵتەزێن و وێرانکەر شارەکانی کەرکوك و موسڵی شەلاڵی خوێن کردبوو، وەك لە پێشەوە ئاماژەم پێدا هەرچەند ڕۆژێك دوای ئاهەنگێڕانی سوپاو پۆلیس، تیرۆریستان دوو تاوانی دوا بەدوای یەکی گەورەیان لە شارۆچکەی تازەو گەڕەکی شۆریجەی کەرکوك ئەنجامدا کە دەیان شەهیدو بریندارى لێکەوتەوەو دەیان ملیۆن دیناریش زیانی بەخەڵکی گەیاند، زنجیرەی تەقینەوەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیادی دەکردو تاوانەکانیش خوێناوی ترو زیانبەخشتر دەبوون، کارەساتەکانی گوندی خەزنەی موسڵ و شەنگال ڕووحی تاوان و خوێنرشتنی تیرۆریستانی گەیاندە تروپك، بەڵام بەداخەوە بەپرسانی بەغدا، لەسەروویانەوە سەرۆك وەزیران، پێدەچو هێشتا بۆنی باروت و خوێنی شەهیدان و هاواری بریندارانی هەستپێنەکردبێ، بۆیە هیچ کاردانەوەیەکی بەرجەستەو فیعلیان نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەرۆك وەزیران لە وتارەکەی خۆیدا لە سوریا



بە شان و باڵی سوپای عێراقی هەڵدەداو شانازی بە بەرقەرابوونی ئاسایش و ئارامی دەکرد، (وتارخوێندنەوەکەی مالکی لە هەمان ئەو ستانەدا بوو کە کەناڵە ئاسمانییەکان هەواڵی تەقینەوەکانی وەزارەتی دەرەوەو داراییان پەخش دەکرد) کەپێموایە هەڵبژاردنی ئەو ساتەش لەلایەن ئەنجامدەرانی تاوانەکەبوو وەکو پەیامێك بۆ ناڕاستی وتەکانی مالکی.. شانازییکردنی زیادەڕۆو لەخۆبایبوونی بەرپرسە ئەمنیەکان کە ڕۆژانە لە وتارو چاوپێکەوتنەکانیان لە میدیاکانەوە هەستی پێدەکرا.. دوو بەڵگەو ئاماژە بوون بۆ نەخوێندنەوەی واقیعیانەو دروستی دوو ڕەهەندی سیاسی و ئەمنی، وێڕای ئەوەی زیاترو زیاتر تیرۆریستانی ئیستیفزاز دەکرد.

مالکی و هاوکارانی بەرپرسی لە دۆسیە ئەمنی و سیاسیەکان، لە بری سوودوەرگرتن لە ڕەوشە ئەمنییە ڕێژەییەی کە لەئەنجامی بەرنامەکەی (بیکەر ـ هاملتۆن)ەوە بەدەستهاتبوو، کەوتە خۆنمایشکردن وەکو قارەمان و فریادڕەسی گەل و نیشتمان لە هێزی داگیرکەر..هەروەها لە بری هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەهەڵپەسێردراوەکانی وەکو مادەی(١٤٠) و بێکاریی و گەندەڵی و ناخبڕییەکانی بەعسیەکان و قاعیدەییەکان و ..تاد، کەوتە بەربەرستدروستکردنی زیاتر لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو مادەیە، لەوتارەکانیدا باسی دەوڵەتی مەرکەزی و دووبارە نووسینەوەی دەستوورو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم و ..تاد، دەکرد.

کارەساتەکەی چوارشەمەی بەغدا، خرایە ئەستۆی بەعسیەکان، بەڵام ئایا تەنها بەعسیەکان تاوانباران؟




## دەسەڵاتی کەرکوك

ئازاد کەرکوکی

ناونیشانی ئەم بابەتە زۆرجاربووەتە جێگەی قسەو باسی خەڵکی کەرکوك، هەریەکێك لەگۆشە نیگاییەکەوە سەیری دەسەڵاتی کەرکوك دەکات وبەگوێرەی باکگراوندی ڕۆشنبیری وسیاسی وتەنانەت بەرژەوەندی خۆیشی گوزارشت لە چەمکی دەسەڵاتی کەرکوك دەکات، بەڵام گومانی تێدا نیە کە ناوەندی دەسەڵاتی کەرکوك هەروەك زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە بە لایەنە پۆزەتیفەکەی یاخود بەلایەنە نەگەتیفەکەی بۆ ئێمەی کورد دەگەڕێننەوە ، بەتایبەتی بۆهەردوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردستان ، ئەمەش ئەگەر بەرووییەکیدا مایەی دڵخۆشی بێت کە لایەنی سیاسی کوردی لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە توانیوویەتی فەرمانڕەوایی شاری کەرکوك بکات ، ئەو خەڵکە ستەمدیدەیەی کەلەسەردەمی ڕژێمدا دوچاری ئازارو ئەشکەنجەوراگواستن ببوونەوە وا ئێستا بەسەربەرزی وئازادییەوە شارەکەی خۆیان بەڕێوە دەبەن. بەڵام بە ڕوویەکی تریدا دەمانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی مێژوویی گەورەوەلەدۆخی ئێستاو ئایندەی گەلەکەمانەوە ، لەروانگەی ئەم مەسەلەیەوە دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوەبکەمەوە کە ڕەنگە ئوباڵی زۆر گرفت وکێشەی ناوکەرکوك بدەنە پاڵی لایەنە سیاسیە کوردییەکانمان کە ئەوانیش بەدڵنیاییەوەلەو گرفت وکێشانە دوورن وپاکن

بەڵام ئەوەی من لێرەدا بەنیازم کلیکی لەسەر بکەم ئەوەیە کە هەرلەدوای پرۆسەی ئازادکردنی کەرکوکەوە جۆرێك لەفرە دەسەڵاتی لەنێو فەرمانگەکانی کەرکوکدا دەبینرێت ،هەر پێکهاتەو لایەنێکی سیاسی ئەو پێکهاتەیە بەشێوازێك مامەڵە لەگەڵ کەرکوکدا دەکات جیاوازتر لەپێکهاتەیەکی ترو لایەنی سیاسی پێکهاتەیەکی تر،هەندێ فەرمانگە ڕەنگە بە ڕیتمێك کاریکردبێت کە ملکەچی دەسەڵاتی شەرعی کەرکوك نەبووەو بڕیاروڕاسپاردەکانی پشتگوێ خستووە بەڕێنماییەکانی کاری نەکردووە ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی ناوەندیش لەبەغدا بەپێی کارەکان وڕاسپاردەکانیەوە بەپێی بڕیارو دامەزراندنەکانیەوە لەهەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شەرعی خەڵکی کەرکوکە ،هەموو ئەم پاساوانەی بۆ دەسەڵاتی کەرکوکم هێنایەوە ڕێگا لەوە ناگرن کەبڵێم پێویستە دەسەڵاتدارانی کەرکوك بۆڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان زیاتر خۆیان ماندووبکەن وکارە خزمەتگوزارییەکانیان بەشێوەیەکی باشتر لەئێستادا پێش کەش بکەن، ئێمەی کەرکوکی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا چاوەڕوانی دەست نیشانکردنی وادەی هەڵبژاردنێکی گرنگین ، کەئەو هەڵبژاردنە بۆ کورد وئایندەی کەرکوك جێگەی پڕ بایەخ وچارەنووس سازە با پێکەوە بەهاوکاری وهەمەهانگی هەموومان خزمەتی کەرکوك بکەین ئەوشارەی کەڕژێمی بەعسی رووخاو بەرنامەی وێرانکردنی داڕشتبوو با ئێمە سەرلەنوێ بنیاتی بنێینەوە.

# ئایندەی عێراق لە بواری نەوتدا

فەرهاد هەمزە محەمەد

بە پێی ئەو ئامارانەی ڕێکخراوی ئۆپیك بڵاوی دەکاتەوە بەکاربردنی جیهان بۆ نەوت ڕۆژانە ٨٤ ملیۆن بەرمیلە، هەر بە پێی خەمڵاندنی شارەزایانی ئەو بوارە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا جیهان ڕۆژانە پێویستی بە ١٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت دەبێت واتە ئەو کاتە پێویستە لەسەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت ١٦ ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەم هێنراوی ڕۆژانەیان زیاد بکەن، ئەو وڵاتانە کامانەن بتوانن ئەو برە نەوتە دابین بکەن؟ چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە کە پێشەنگن لەبەرهەم هێنانی نەوتدا کە بریتین لە سعودیە، ئێران، کوێت، عێراق، ئەوەی ئێمە لێرەدا زیاتر مەبەستمانە عێراقە کە تا چەند ساڵی تر توانای هەناردەکردنی نەوتی هەیەو دەتوانێت پێویستیی جیهان لەم بوارەدا پڕ بکاتەوە.

عێراق خاوەنی ٥٢٠ ستراکچەر(ترکیب)ی جیۆلۆجیە بە باکورو باشوریەوە، لەم ژمارەیە تا ئێستا ٧٨ ستراکچەریان بیری نەوتی تێدا هەڵکەندراوەو یەدەکی نەوتی تێدا خەملێنراوە کە ١١٥ ملیار بەرمیلە.

گریمان هەر ئەوەندە نەوتە لە عێراقدا هەیەو چیتری تێدا نیە با لە ژماردنێکی خێرادا بزانین تا چەند ساڵی تر ئەتوانین نەوت بە جیهان بفرۆشین ؟

لە ڕۆژگاری ئێستاماندا بەرهەم هێنانی نەوت لە عێراقدا ٢,٥ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا ئەگەر هەر لەسەر ئەم بڕە بەردەوام بین و بەرهەم زیاد نەکەین ئەوا ساڵانە ڕێژەی لێچۆران ( استنزاف) دەگاتە ٠,٨٪ یەدەکی عێراق، کەواتە لەم بارەدا تا ١٢٦ ساڵی تر عێراق دەتوانێت نەوت هەناردە بکات.

لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراقدا گەیشتە ٣,٥ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا ئەو کاتە ڕادەی لێچۆران ١٪بووەو تەمەنی نەوتی یەدەکی عێراق دەگاتە ٩٠ ساڵ.



ئەم خەملاندنانە لە کاتێکدایە ئەگەر هیچ کێڵگەیەکی تری نەوت نەدۆزرێتەوەو هەر لەسەر ئەوە بمێنێتەوە کە دۆزراوەتەوە.

دوای ئەوەی یاسای نەوت گاز لە پەرلەمانی عێراق دەنگی بۆ نەدرا وەزارەتی نەوتی عێراق پلانی درێژ خایەنی دارشتوە بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەوت لە ساڵانی داهاتوودا، لەبەرنامەیاندایە لە چەند ساڵێکی تردا ڕادەی بەرهەم هێنان بگەیەنە ٧,٥ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەوسا ڕێژەی لێچۆران دەگاتە ٢,٣٪، تەمەنی نەوتی یەدەکیش دەبێتە ٤٢ ساڵ.

کەواتە عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠دەتوانێت بەشداری یەکی کاریگەر بکات لە دابین کردنی نەوت بۆ جیهان بەبری ٨ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەڵام ئەگەر یەدەگی نەوتی عێراق لە ڕێگەی زیاتر گەڕان و پشکنین و هەڵکەندن بگەیەنرێتە ٢٠٠ ملیار بەرمیل ئەوە تا ٤٥ ساڵی عێراق دەتوانێت ڕۆژانە ١٢ ملیۆن بەرمیل هەناردە بکات.

لە کۆتاییدا ڕاستیەك ماوە بیڵێین ئەویش ئەوەیە عێراق بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم هێنانی پێویستی یە دەستی کۆمپانیا بیانیەکان هەیە تا ڕادەیەك بەرهەم هێنانی زیاد بکات ئەگینا بەم تەکنەلۆجیا کۆنەی ئێستا لە عێراق کاری پێ دەکرێت ناتوانرێت بەرهەمی نەوت زیاد بکرێ کە شادەماری ئابووری عێراقە.

# خشتەی دابەشبوونی نوێی هێزە سیاسیەکان لە هەڵبژاردندا

ڕێبوار جەباری

هەر هەڵبژاردنێکی نوێ دێتە ئاراوە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسی ئەوکاتەیە ،حیزبی دەسەڵاتدارو حیزبی ئۆپۆزیسۆن هەر یەکەیان بەشێوەیەك وبەریتمێك ریزەکانی خۆیان بۆ هەڵبژاردن ڕێکدەخەن وبەستراتیژییەکەوە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن ،بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەڵبژاردن لەعێراقدا تایبەتمەندی خۆی هەیە چونکە ئەجیندای دەرەکی وناوخۆی تێدا تێهەڵکێش دەبێت وهەندێجار ئەم دوو ئەجیندایە لەهەندێ حاڵەتدا بەڕادەیەکی سەیر یەکانگیر دەبێت بۆ سەرخستنی لیستێك یان پێکهاتەیەك کە لەناو قەوارەیەکی سیاسیدا خۆی نمایشکردووە ، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەر قۆناغێکی مێژوویی شێوەی هەڵبژاردن وململانێی هەڵبژاردنەکە لەگەڵ لیستە رکەبەرەکاندا جیاوازترە لەقۆناغی پێش خۆی هەرلەبەر ئەوەش ناکرێت بەهەمان پلان وکەرەسەی هەڵبژاردنی پێشوو بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوو بکرێت وهاوپەیمانێتی نوێ لەسەر ڕیچکەی کۆن لەگەڵ قەوارە سیاسیەکاندا ببەسترێت ،لەم ڕووە وە زۆر پێویستە پێداچوونەوە بەڕەوشی پرۆسەی سیاسی لەعێراق بکرێت و وهەڵوێستی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان لەپێش چاو خۆمان دابنێین سەبارەت بەو مەسەلانەی بەلای ئێمەی کوردەوە گرنگەوچارەنووس سازە،پرۆسەی سیاسی لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا هەرچەندە بەرەو پێشەوە تەکانیداوەوهەنگاوی مەزنی بەئاراستەی سەپاندن وخۆ قایمکردن ناوە بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەروەك چاودێرە سیاسیەکان تێبینیان کردووە کەئەم پرۆسەیە لەهەندێ پێگەی بنەڕەتی و پرنسیپی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقیدا کەکاتی خۆی ئەم پرۆسەیەی لەسەر بنیاتنراوە لێی پاشگەز بووەتەوە یان لەپراکتیزە کردنیدا پشتگوێخراوەو فەرامۆشکراوە،لەو پرنسیپانە فیدرالیەت ودابەشبوونی دەسەڵات لەنێوان شارەکان وگرنگیدان بەپێکهاتە نەتەوەیی وئاینزاکان ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئەم چەمکانە لەگەڵ ئەوەی مادەی دەستوورین ولەبڕگەکانی دەستووردا سەپێنراون بەڵام لە ڕەوشی سیاسیدا خەریکە کاڵدەبنەوەو کاریان پێناکرێت،هەروەها جگە لەمانە ڕەنگە زۆربەمان درکی بەو ڕاستیە کردبێت بەشێوەیەکی بەردەوام قەوارەی سیاسی نوێ وهێزی سیاسی نوێ لەناو نەخشەی سیاسی عێراقدا پەیدا دەبێت کە بەشی زۆری ئەو هێزە سیاسیانەش لەوانەن بیری دەمارگیری نەتەوایەتی عەرەبیان بەسەردا زاڵەو لەهەوڵی ئەوەدان یەك دەسەڵاتی بەهێزی ناوەند هەبێت وفەرمانڕەوایی هەموو خەڵکی عێراق بەزۆر بکات لە شیکاری ئەم واقیعەوە هەروەها پاش ئەوەی لەمیدیاکانەوە هەندێ هێڵی گشتی دابەشبوونی هێزە سیاسیەکانمان بۆدەرکەوت ئیتلافی یەکگرتووی عێراقی کە گەورەترین فراکسیۆنی عەرەبی شیعەیە توانی فراکسیۆنی خۆی رابگەیەنێت کەزۆرترین هێزە سیاسیەکانی عەرەبی شیعەی لەخۆگرتووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کەسێتی عەرەبی سونەی تێدایە، بەڵام حیزبەکەی سەرۆك وەزیران نوری مالیکی تائێستا نەچۆتەوە ناو ئەو فراکسیۆنەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت بەلیستی سەربەخۆ دابەزێت کەعەرەبی سونەش لەخۆبگرێت، ئەمە جگەلەوەی حیزبی ئیسلامی وهێزە سوننیەکانیش بەنیازن بەقەوارەیەکی سیاسی یەکگرتوو بەشداری هەڵبژاردن بکەن وئەوانیش بەهەمان ئاراستەی فراکسیۆنە شیعەکان لە هەوڵی ئەوەدان عەرەبی شیعە لەناو لیستەکەیاندا هەبێت ، بەڵام لیستی هاوپەیمانی کوردستان تائێستا هەرئەوەندە نەبێت کەپێشبینی دەکرێت هەردوو حیزبی سەرەکی بەیەکەوە بەشداری پرۆسەکە بکەن وحیزبە ئیسلامیەکانیشان لەگەڵدا بێت هیچ وردەکارێك لەو بارەیەوە بڵاو نەکراوەتەوە ، قۆناغی ئاییندەی پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا قۆناغێکە بۆ گەلی کورد زۆر هەستیارە وگرنگە ڕەنگە ئەو قۆناغە ڕۆڵێکی سەرەکی ببێنێت لە دیاریکردنی دوارۆژی ئەم وڵاتە وچارەنووشی کێشەکانمان کەلەسەرووی هەموویانەوە کێشەی کەرکوکە هەرلەبەر ئەوە پێویستە یەکریزی خۆمان بپارێزین ودەستکەوتەکانمان بەهەند وەربگرین وکارێك نەکەین ئەوەی کردوومانە بەئاسانی لەدەستی بدەین وخەمی نیشتمانەکەمان لەسەرووی هەموو مەسەلەیەکەوە بێت بۆئەوەی لەنێو پەرلەمان بەهێز بین پێویستە زۆرترین کورسی بەدەستبهێنین بۆئەوەی زۆرترین کورسیش بەدەستبهێنین پێویستە یەکریزبین لەبەشداریکردن لەپرۆسەی دەنگدان وبەیەك لیستی بەهێز بەشداری هەڵبژاردن بکەین.

